## کرێکارانی جیهان یەکگرن !

ژمارەی

52

ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

### لەم ژمارەیەدا . . .

ئیمپریالیزم و ناوەرۆکی شەڕی دواکەوتووانەی ناوچەیی !

بومەلەرزەیەك کە ژاپونی هەژاندەوە...!؟

یادی یەکەمی مانگی مەی ، ڕۆژی جیهانی کرێکار!

بە بۆنەی هشتاوپێنجەمین ساڵرۆژی مەرگی هاوڕێ مەزن ئیستالین

دەهۆڵ لە شەودا ! برتولت برشت

پەروەردەکانی پتەوی هاوڕێ مەزن بیژەنی جەزەنی ......

بژی 11ی گوڵان( 1ی مەی ) ڕۆژی جیهانی کرێکار !



**کار , خانوو , ئازادی , کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**

# ئیمپریالیزم و ناوەڕۆکی شەڕی
# دواکەوتووانەی ناوچەیی !




پاش شەڕی دووهەمی جیهانی کە بووە هۆی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی زۆر لە جیهاندا ، ئەم تەجرووبەیە بۆ وڵاتانی ئیمپریالیستی بە جێ ماوە کە نەتەنیا سەرهەڵدانی شەر لە نێوان ئەم وڵاتانە ڕێگا چارە سەری گونجاو نیە بۆ کەم کردنەوەی قەیرانەکانی ناوخۆیی سیستەمی سەرمایەداری ، بەڵکو هۆکارێکی گرینگە بۆ سەرهەڵدانی شۆڕۆشەکانی جیهانی دا . ئەم شتە و زۆر هۆکارێکی تر کە لەم بابەتە دەرفەتی قسە و باسی لە سەر نیە وڵاتانی ئیمپریالیستیی مەجبوور کرد تاکو بە جێگای داگیرکردنی ڕاستەوخۆ ، لە ڕێگاکانی تر سولتە و دەسەڵاتی خۆیان بە سەر جیهاندا تەزمین بکەن . لە هەمان حاڵدا پێش گرتنی سیاسەتێکی فریوکارانە لە بەرانبەر بزووتنەوەکانی ڕزگاریدەری میللی لە وڵاتانی موستەعمرە و نیوە موستەعمرە مەترەح بوو تاکو بەربە ڕادیکالیزە بوونی ئەم بزووتنەوانە بگرێ . بۆیە بابەتی لە ناو بردنی ئیستعمار و دانی سەربەخۆیی زاهیری بە هێندێک وڵاتانی ژێر سوڵتە و هاوکات بەرنامەی بورژوایی کردنی وڵاتانی دواکەوتوو و ڕیفورمەکانی ئەرزی ، ناردنی سەرمایە بۆ ئەم وڵاتانە و بە وجود هێنانی بازاری فرۆشی کەلوپەکانی ئیمپریالیستی کەوتە دەستووری کاری ئیمپریالیزمی جیهانی . بە موازاتی بەرێوەبردنی ئەم سیاسەتە ، بەهێز کردنی توانای نیزامی ئەم ولاتانە بۆ پاراستنی سوڵتەی ئیمپریالیزم بە جیددی ئەنجام درا . لەم نێوانەدا لە بەر ئەوەی کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە مەودای شەڕدا کەمترین زیانی بەرکەوتبوو ، توانی ڕۆڵی سەرکردەیی جیهانی ئیمپریالیستی بە تەنیایی بگیرێ . بەڵام هەموو ئەم سیاسەتانە نەیتوانی قەیرانەکانی ڕوو لە زیاد بوونی وڵاتانی ئیمپریالیستی کەم بکاتەوە . بۆیە شەڕەکانی ناوچەیی وەک یەکێک لە کاناڵەکانی کەم کردنەوەی قەیران و دژایەتیەکانی ناوخۆیی وڵاتانی ئیمپریالیستی کەوتە دەستووری کاری ئەوان . شەڕەکانی ناوچەیی سەرەرای ئەوەیٚ کە پاوانخوازیەکانی گەورەی چەک و چولی ئیمپریالیستەکانی لە ڕکود و بێ بازاری دەرباز دەکرد و وڵاتانی خەریکی شەری زیاتر بە وڵاتانی ئیمپریالیستی گری دەدا ، دژایەتیەکانی ناوخۆیی ئیمپریالیستەکان بۆ پەرەپێدانی نفوزی خۆیان لە وڵاتانی خریک شەر کەم دەکردەوە . وەک نموونە پێداچوونەوە لە سەر شەری دواکەوتووانە لە نێوان ئێران و عێراق و چۆنیەتی کەڵک وەرگرتنی ئیمپریالیزمی جیهانی لە ئەو دەتوانی یارمەتیمان بدات تاکو باشتر لە مەسەڵەکە تێبگەین بەڵام بۆ ڕوونتر بوونی لایەنەکانی مەسەلە پیویستە مەوقەعیەتی ئێران وەک پێگەیێکی گرێنگ و ئیستراتژیکی ئیمپریالیزمی ئەمریکا چ پێش و چ پاش لە ڕاپەرین بخەینە بەر هەڵسەنگاندن . پاش شەری دووهەمی جیهانی و بەرێوەبردنی سیاسەتی داگیرکردنی و دابەشکردنی سەرلە نوێی لە لایەن ولاتانی ئیمپریالیستی حەوزەی کەنداوی فارس کەوتە ژێر نفوزی ئیمپریالیزمی ئەمریکا . جێ بە جی بوونی دەسەڵات و سوڵتە لە نێوان بریتانیا و ئەمریکا لە ژێر ناوی سەربەخۆیی وڵاتانی حەوزەی کەنداوی فارس و لە ناو بردنی ئیستعمار ڕووی دا . ئەم جارە درووستە کە حزووری ڕاستەوخۆی نیزامی لە لایەن ولاتی ئیمپریالیستی لە ئارادا نەبوو بەڵام بوونی دەسەڵاتی سەر بە ئیمپریالیزم تەزمین کەری حزوور و مانەوەی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم لە ناوچەکە بوو . ڕژیمەکانی ئەجیر کراوی ئیمپریالیزم ئەرکی پاراستنی قازانج و بەرژەوەندی ئیمپریالیستەکانیان لە ئەستوو دا بوو . ئەمە ئەو شتەی بوو کە پێیان دەوت دوکتورینی نیکسۆن و لە حەوزەی کەنداوی فارس بەرێوە چوو . بە پێ ئەم دوکتورینە هێندێک وڵاتی ناوچەکە دەبوایە ڕۆڵێکی چالاکی سیاسی و نیزامی بگیران . ئەم ڕۆڵە بریتی بوو لە پاراستنی هێمنی و ئاسایشی ڕژیمەکانی سەربە ئیمپریالیزم لە ناوچەکە ، پارێزگاریکردن لە هیلەکانی گواستنەوەی نەوت و لە سەرەوەی هەموویان پارێزکاریکردن لە کشتیەکانی نەوت کێش کە بۆ پاوانخوازیەکانی ئیمپریالیستی نەوتیان دەبرد و موقابلە لە گەڵ ئەو بزووتنەوە ڕزگاریدەرانەی کە فریوی ڕیفورمەکانی دواکەوتووانە نەخواردەبوون و لە کۆتائیدا کونترولی پروسەی سەقامگیری بارودۆخێک کە پاش لە ناوبردنی بە درۆی ئیستعمار و کشانەوەی هێزەکانی بریتانیا هاتبووە ئاراوە . لەم قۆناخەدا ئیستعماری تازە جێگای ئیستعماری کۆنی گرتەوە و

ئێران لە بەر مەقەعیەتی ئیستراتژیکی خۆی و تایبەتمەندیەکانی تر و بوونی پێکهاتی سەرمایەداری گرێدراو لە ئەوا لە لایەن ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە وەک ژاندارمی ناوچەکە هەڵبژێردرا . بۆیە لە مەودای نێوان کۆتایی هاتنی شەری دووهەمی جیهانی تاکو دەیەی 1340دا دەورانی سەقامگیری سەرمایەداری گرێدراو و مەوقەعیەتی ئەمریکا لە ئێران بە خێرایی تەواو تێپەر کرا . ئەرتشی ئێران لە لایەن ئیمپریالیزمی ئەمریکا تەیار کرایە پێشکەوتووترین چەک و چول و لە لایەن موستەشارەکانی ئەمریکایی فێر کران . لەم کاتەدا بوو کە ئێران بووە ولاتێکی بەهێزی ناوچەکە و رۆڵی ئیستراتژیکی خۆی بۆ خزمەت کرن بە ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەگیری و پەیوەست بووە "کەمەربەندی ئیمەنی " ئەمریکا بۆ موقابلە لە گەڵ بزووتنەوەکانی شۆرشگێرانە و کۆمۆنیستی . ئەم کەمەربەندە سەرێکی تورکیا بوو و سەرێکی دیکەی پاکستان بوو . رۆڵی ئێران لەم ناوەندەدا وەک ئاڵقەی پەیوەندی ئەم کەمەربەندە بوو و پسانی ئەو بە مانای بە خەتەر کەوتنی قازانج و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە بوو . بەلام لە نێوان ولاتانی پێکهێنەری " کەمەربەندی سەوز " مەوقەعیەتی ئێران و هەروەها تورکیا بە هۆی دراوسێ بوونیان لە گەڵ یەکێتی سۆڤیەت لە ئەولەویەتدا بوو و بۆیە لە لایەن ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە یارمەتی بێدریغیان پێ ئەدرا . بەلام جگە لە مەوقەعیەتی ئیستراتژیکی ئێران کە سەرنجی تایبەتی ولاتانی ئیمپریالیستیی بۆ لای خۆی رادەکیشا ، سەرچاوەکانی گەورەی ژێر زەوی بە تایبەت نەوت و هێزی ئینسانی زۆرتری بە نیسبەت ولاتانی تری حەوزەی کەنداوی فارس فاکتورەکانی تری سەرنجی زیاتری ئیمپریالیزم بۆ لای ئێران بوو . هەروەها بە هۆی حاکمیەتی سەرمایەداری گرێدراو مەوقەعیەتێکی باش و گونجاو بۆ سەرمایە گوزاری و بازاری بە سوود بۆ کەلوپەلی ئیمپریالیستی و چەک و چول بوو . ئێران دوورگەیەکی ئەمن و ئاسایش بوو سەرمایەدارانی ئەمریکایی بوو تا ئەو جێگایە کە یەک لە سێی سەرمایەگوزاریەکانی کومپانیاکانی ئەمریکایی لە ئێراندا بوو . دانی رۆڵی ژاندارمی ناوچەکە بە شای ئێران تا ئەو رادەیە بەرز بووەوە کە نە تەنها ئەرتشی سەرکوتگەری شا لە سەرکوتی وەحشیانەی بزووتنەوەی زوفار بەشداریی کرد ، بەڵکو بۆ سەرکوتی خەڵکی قارەمانی ویتنام چالاکانە بەشداریی کرد و لە هەمان کاتدا لە ناوخۆی ولاتیش وەحشیانەترین سەرکوتی بەرێوە دەبرد . بەلام شۆرشی ئێران کە سەرەرای سازش و سات و سەودای خومەینی و رێبەرانی تری کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ئیمپریالیستەکان لە کونترۆڵی ئەوان دەرچوو بوو و پەرە دەستاند ، ئەرتشی سەر تا پێ چەکی ئەمریکایی شای ئێرانی تا رادەیەک تێک شکاند و کۆمەلانی شۆرشگێر و تورە بە هێرش بۆ سەر پادگانەکان و چەک کردنی بەکرێگیراوان ، بارانی رژیمیان کرد بە لافاو و رویاکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکایان بۆ سولتەی تەواو بە سەر ناوچەکە بۆ ماوەیکی هەرچەند کورت تێک شکاند . شۆرشی کۆمەڵنی خەڵک نەک مەسەڵەی ژاندارم بوونی ئێرانی بردە ژێر پرسیار بەڵکو خەتەری پەرەساندنی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی ئێران بۆ ناوچەکە و پسانی زنجیرەیەک کە گرێنگترین ئالقەی ئەو ئێران بوو بە دواوە بوو . ئەگەر رەوتی شۆرش و پەرەساندنی شەپولی رووخێنەری شۆرش دەبوایە هۆی حاکمیەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان ، هەموو قازانج و بەرژەوەندی ئیمپریالیزمی جیهانی و لە سەرەوەی هەموویان ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە ناوچەکە دەکەوتە خەتەر . بەلام بە بەرەکەتی زیاتر لە سێ دەیە حاکمیەتی دژی شۆرشی کۆماری ئیسلامی نە تەنها قازانج و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە نەکەوتووتە خەتەرەوە بەڵکو لە هێندی لایەنەوە بەرنامەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە جێ بە جێ کراوە . یەکێک لە ئامرازەکانی گرێنگ بۆ جێ بە جێ کردنی بەرنامەکانی ئەمریکا هەمان شەری دواکەوتووانەی ئێران و عێراق بوو کە نزیک بە 8 ساڵ درێژەی خایاند . شەرەکانی پاش شەری یەکەمی کەنداویش درێژەی ئەم پرۆسەیە بوو کە ئیمپریالیزم راستەوخۆ و ناراستەوخۆ بەرێوەی دەبرد و ولاتانی دواکەوتووی ناوچەکە بەشداری چالاکانەیان لێ دەکرد . ویستەکانی ئیمپریالیزم لە شەری ئێران و عێراق بریتی بوون لە نوژەن کردنی ئەرتش و بە دەس هێنانی رۆڵی سەرکوتگەرانە خۆی لە ناوچەکە ، بە بەرەکەتی شەری دواکەوتووانە ئەم شتە لە پووشی بەرگری لە خاک و نیشتمان وەدی هات و لە هەمان کاتدا ئورگانەکانی سەرکوتگەری تر وەک سوپای پاسداران و بەسیجیش دامەزران ز لە هەمان کاتدا بە بەرەکەتی شەردا کۆماری ئیسلامی توانی سەرەرای سەرکوتی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە و کۆمۆنیستی ئێران و سەرکوت کردنی داخوازیەکانی شۆرشگێرانەی کۆمەلانی خەڵک ، بزووتنەوەکانی دواکەوتووانەی ناوچەکە وەک حیزب الدعوەی عێراق و حەرکەی ئیسلامی ئەفغانستان و حیزبولڵا و بزووتنەوەی ئەمەڵی لوبنان و ..... بە هێز بکات و " کەمەربەندی سەوزی " ئیمپریالیزمی ئەمریکا پتەوتر بکات . ئێستاکە ئیسلام پەنایانی کۆماری ئیسلامی ئالاهەڵگری خەون و خەیالەکانی شای ئێرانن . رژیمی ئێران لە خەون و رویای سولتەگەری بە سەر ولاتانی ناوچەکە دایە و لە ژێر سێبەری پان ئیسلامیسمدا شەر و قەیران بیانویکی باش دەزانێ بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی . بەلام پان ئیسلامیسمی بورژوازی ئێران شتێک نیە جگە لە پەرەپێدانی ئیسلام بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە ناوچەکە . و ئەمەیش هەمان ویستی ئیمپریالیسمە لە ناوچەکەدا . پاش شەری ناوچەیی کە بە خێرایی سنوورەکان



دەبەزینێ ئیمپریالیزم بە هۆی کۆمپانیاکانی نەوتی خۆی کە لە ناوچەکە چالاکن زیاترین سوود عایدی خۆی دەکات و کونترولی بازاری جیهانی نەوت بە دەستی خۆی دەگرێ . لەم نێوانەدا پاوانخوازیەکانی چەک و چول لە فرۆشی چەک زیاترین سوود بە دەس دێنن .

ئێستا پاش تێگەیشتن لە بابەتی شەرێ دواکەوتووانەی ناوچەیی و پێداچوونەوە لە سەر مەسەلەی ئێران ، دەتوانین شەرەکانی پاش شەری یەکەمی کەنداو تاکو ئێستا لە ناوچەکە و هەروەها لە ناوچەکانی تری جیهان وەک سەرەوەی ئەفریقا وەک لیبی لەم چوارچێوەیدا بخەینە بەر باس و هەڵسەنگاندن . واتە لە چوارچێوەی بەرنامەی ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکردەگی ئیمپریالیزمی ئەمریکا بۆ سەرکوت کردنی بزووتنەوەکانی خەڵکی و بە لارێ بردنی ئەوان و کونترول کردنیان و هەروەها بە دەس هێنانی سوودی هەر چی زیاتر لە جەریانی پەیدا بوونی قەیرانەکان .

# بومەلەرزەیەك كە ژاپونی هەژاندەوە...!؟






بێ گۆمان مرۆڤایەتی بە تایبەت كۆمۆنیستەكانی شۆرشگێر لە سەرانسەری جیهان ناتوانن لە بەرانبەر كارەساتێكی تری دلتەزێنی سەدەی 21 كە بە هۆی بومەلەرزە و سونامیەوە بووە هۆی مەرگی هەزاران ئینسان ( بە پێ ئاخیرین هەوالەكان ژمارەی كوژراوان هەزاران كەس و بە وتەی دەزگا راگەیاندنەكانی رۆژئاوا 10 هەزار كەس ) و ژیانی خەڵكی ژاپون و بە تایبەت چینی كرێكاری ئەو ولاتەی تووشی قەهری سرووشتەوە كرد ، بێ دەنگ بێت و بە لایەوە بە سادەیی تێپەر بێت . زیاتر لە 400 هەزار كەس لە خەڵكی ژاپون بە هۆی بومەلەرزە و سونامی بێ خانوو بوون و لە پەناگاكانی ئورژانس بە كەمترین ئیمكانات ژیان دەبەنە سەر . بێ گۆمان لە داهاتووی نزیكدا لە لایەن سەرمایەدارانی ژاپون و كومپانیاكانی چەند ملیەتی ئیمپریالیستی جیهانی بار و قورسایی گواستنەوەی ئەم قەیرانە لە نوژەن كردنەوەی ژاپون لە چەوساندنەوەی هەرچی زیاتری چینی كرێكار و توێژەكانی خوارەوەی ژاپون و جیهان جێ بە جێ دەكرێ . بە زیاد بوونی رادەی بلاوبوونەوەی رادیوئەكتیو پاش ئاگر گرتنی راكتوری ئەتومی ژمارە 3 لە ژاپون ، و ئەگەری تەقینەوەی راكتورەكانی تر ، 140 هەزار كەس لە خەڵكی فوكوشیما مەجبوور بوون خانووەكانیان بە جێ بهێلن . تەقینەوەی راكتورەكانی ژاپون دەتوانی خەتەرێك یەكجار زۆرتر لە خەتەری تەقینەوەی راكتوری چرنوبیل لە ساڵی 1986 لە یەكێتی سوڤیەت بە وجود بهێنێ . لە تەقینەوەی راكتوری چرنوبیل هەورێكی غەلیز لە مەوادی ئەتومی لە ئاسمان بلاو بووەوە كە بووە هۆی كوژران و تووش بوونی هەزاران كەس و لەوانەیە دەیان هەزار كەس بە سەرەتان . هەزاران و لەوانەیە دەیان هەزار لە زینەوەرەكانی ناو ئاوەكان و هەروەها پەلەوەرەكان و ئیتر جانەوەرانی ئەو ناوچەیە لە ناو چوون و تەنانەت دار و گژ و گیایش لە ناو چوو . كارەساتی فوكوشیمای ژاپون كە خاوەن 6 راكتوری ئەتومیە زۆر خەتەرناكترە لە كارەساتی چرنوبیل . لە مەركەزی قەیرانی ئەتومی فوكوشیما هێزی بومەلەرزەیەك كە ژاپونی هەژاندەوە زیاتر لە موقاومەی بوو كە لە لایەن ئەندازیاران دیاری كرابوو . لە شاری فوكوشیما 6 راكتوری ئەتومی بە بەشداری كومپانیای ژاپونی و كومپانیای جنرال موتورزی ئەمریكایی دروست كراوە . لە هەمان سەرەتاوە ئەم راكتورانە لە ژێر چاوەدێری كومپانیای بەرقی توكیو TEPCO بۆ بەرهەم هێنانی بەرق و مەسرەفی ئەنرژی ( بەرق ) بووە . كومپانیای بەرقی توكیو یەكێك لە دامەزراوەكانی گەورەی پاوانخوازی سەرمایەداری ئیمپریالیستی ژاپون و جیهانە . ئەم دامەزراوە ئیمپریالیستیە خاوەن مێژووئێكی رەشە لە شاردنەوەی زانیاریەكانی پەیوەندیدار لە گەڵ ژیانی خەڵك لە ئەوان . لە ساڵی 2002 هەموو سەركردەكانی كومپانیای بەرقی توكیو لە بەر شاردنەوەی مەسەلەی شكان و درز هەڵگرتنی لولەی مەحفەزەی ناوخۆیی یەكێك لە راكتورەكانی ئەتومی بەرهەم هێنانی بەرقی ژێر چاوەدێری خۆیان ، مەجبوو ربوون دەس لە كار بكێشن . هەروەها لە ساڵی 2007 سەرەرای ئەوەی كە بە هۆی بومەلەرزە یەكێك لە راكتورەكانی ئەتومی درزی زۆری هەڵگرت و بووە هۆی بلاوبوونی رادەیێكی زۆر لە رادیوئەكتیو لە ژاپوندا ، بەڵام دەوڵەتی چینەكانی سەرمایەداری - ئیمپریالیستی ژاپون لە ساڵی 2009 ئیجازەی دا بە كومپانیای بەرقی ژاپون تاكو ئەو راكتورە بە كرا بهێنێ . ئەم بێ عەداڵەتی و بێ رێزیە لە حەقی مرۆڤەكان لە ئەساسدا لە بەر خاتری غافیل بوون دەوڵەت و یان تەمای كومپانیاكان ( كۆپریتەكان ) نیە . لەوانەیە دامەزراندنی ئاوا راكتورانەی لە مەركەزی ناوچەی بومەلەرزەیی كارێكی شێتانە بێت ( لە ئەمریكایش ئاوا راكتورانەی لە قەراخی دەریا لە ئەیاڵەتی كالیفورنیا دروست كراوە ) ، و بە راستی لە روانگەی قازانجی مرۆڤایەتی بەتەواوەتی غەیری عەقلانی و غەیری مەنتقیە . بەڵام دەبێ لە بەر چاوی بگرین كە ئەوانەی كە لە سەرەوەی هەیئەتی حاكیمەی ژاپوندان ، واتە چینەكانی سەرمایەداری - ئیمپریالیستی و دەوڵەتێك كە نوێنەرایەتی ئەوان دەكات ، لە بەر خاتری پێداویستیەكانی سیستەمەكەیان كار دەكەن و پلانی بۆ دادەنێن . لە سەر ئەساسی بە دەس هێنانی لانی زۆری سوود و قازانج ، و هەروەها لە سەر ئەساسی كێ بەر كێ لە گەڵ هێزەكانی تری ئیمپریالیستی كە بەم شێوەیە كار دەكەن ، ئەوانیش هەروا بۆ بەرەوپێش بردن و پاراستنی قازانج و بەورژەوەندی چینایەتی خۆیان بە كار هێنانی ئەنرژی ( بەرهەم هێنانی بەرق لە بەركار هێنانی راكتورەكانی ئەتومی ) پەیگیری دەكەن . ئەوان نە دەیانەوێ و نە لە ئەساسدا دەتوانن لە سەر قازانج و بەرژەوەندی درێژ خایەنی مرۆڤایەتی جیهان ، پاراستنی ژینگە و ئۆكۆسیستەمی سەیارەی زەوی كار بكەن . لە بواری مێژوویی شاری فوكوشیما لە ناوچەی سونامی و بومەلەرزە قەراری گرتووە . بەڵام سەرەرای زانینی ئەم زانیاریە مێژووئیە ، ئەم راكتورانە لە قەراخی دەریا دامەزراون . هۆی ئەمەی كە ئەم راكتورانە لە قەراخی دەریا دروست كراون ئەمەیە كە كومپانیای سەرمایەداری - امپریالیستی بەرقی توكیو و چینەكانی لایەنگری سەرمایەداری بۆ بە دەس هێنانی لانی زۆری سوود و قازانج و لانی كەمی هەزینە و مەسروف لە پومپاژی ئاو بۆ دەزگاكانی فێنك كەرەوەی راكتورەكانی ئەتومی ،

# تەقینەوەی ڕاکتۆرەکانی ژاپۆن دەتوانی خەتەرێك یەکجار زۆرتر لە خەتەری تەقینەوەی ڕاکتۆری چرنۆبیل لە ساڵی 1986 لە یەکێتی سۆڤیەت بە وجود بهێنێ .



بڕیارێکی ئاواپان لە سەرتای بنیات نانی پرۆژەی ئەم ڕاکتۆرانە دابوون . فاسلەی کەمتر لە دەریا بە واتای لانی کەمی هەزینەی سەرمایە بۆ دانی پولی ( دراوی ) کەمتر لە باتی مەسرەفی ئەنرژی بۆ فێنك کردنی ڕاکتۆرەکانی ئەتۆمیە . بۆیە ئێمە پیویست دەکات لە بارەی خیانەت و جنایەتێك کە سەرمایەداری ئیمپریالیستی لە سەر مرۆڤەکان ، ژینگە و ئۆکۆسیستەمی سەیارەی زەوی دادەسەپێنێ ، زۆرتر بیر بکەینەوە . دەبێ زیاتر بیر بکەینەوە کە بۆ چی ئەم زەویە ملکی ژمارەیەکی زۆر کەم لە چینەکانی سەرمایەداری جیهانی ستەمکار و چەوسێنەر نیە کە ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و سەرچاوەکانی بەرهەم هێنان بە ملکی خۆیان دەزانن ؟ ئایا بۆ چی چارەنووسی ئەم زەویە دەبێ لە دەستی کەمینەیەك لە چینەکانی سەرمایەداری جیهانی دیاری بکرێت ؟ دەبێ بیر بکەینەوە کە بۆ چی ئەم زەویە هی زۆرینەی ئینسانەکان ، توێژەکان و چینەکانی زەحمەتکێش و ستەم لێکراوی جیهان و ئەو گروپە کۆمەلایەتیە - پرولیتاریا - کە بەرهەم هێنەری سرووت و بەرهەم هێنەرانی سەرەکی کەرەسەکانن نەبێت ؟ و سەرەرای ئەمەی کە بەردەوام لە بن گوێمان _ لە لایەن هەمان کەمینەی چینەکانی سەرمایەدار - دەڵێن کە دەبێ بێ دەنگ بین و گوێ ڕایەڵی ئەوان بین ، نە شۆڕشگێرێك کە دەبێ بە جسارەتەوە چارەنووسی خۆی دیاری بکات ، بۆ چی دەبێ بە دژی قازانج و بەرژەوەندی ئەم چینانە کە هی زبڵدانی مێژوون ، ڕاپەرین و شۆڕش نەکەین ؟ بۆ چی دەبێ بیر لە هاو چینەکانی خۆمان لە سەرانسەری جیهان بکەین و لە ئەزموونەکانی ئەوان و بەسەرهاتەکانیان - وەك قەیرانی ڕاکتۆرەکانی ئەتومی لە ژاپون - دەرس وەر بگرین ؟ بۆ چی دەبێ بیر لەمە بکەینەوە کە خەتەری بالقوە لە هەر شوێنێکی ئەم زەویە دەتوانێ ڕوو بدات ، و تەنانەت ژیانی ئێمە لە ئێرانیش بە هۆی قازانجی کەمینەیەك لە چینەکانی سەرمایەدارانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی کە ساڵهایە بە شێوەیەکی سەرشێتانە بە قیمەتی دزی لە ژیان ، دزینی حەق دەستی کرێکاران و زەحمەتکێشان ، لە ناو بردنی داهاتووی ئەوان و ڕۆڵەکانیان ، بە دوای بەرنامە و پرۆژە ئەتومیەکانیە ، دەبێ زەنگی خەتەرێك لە بیر کردنەوە و کردەوەی ئێمە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ لێبدات ؟

ئەم خەتەرە پرسیاری ئەساسی لە مێشکی مرۆڤ بە وجود دێنێ کە ئایا کاریگەری ڕووخێنەری ئاوا کارەساتانەی بە سەر مرۆڤەکان لە ژێر حاکمیەتی سیستەمی سەرمایەداری ئیمپریالیستی جیهانی کە خریکی بەرهەم هێنان و مەسرەفی ئەنرژیە و هەروەها بە سەر ژینگەدا چیە ؟ مرۆڤایەتی ناتوانێ سرووشت پێش بینی بکات و کونترولی بکات ، بەڵام تەعسیراتی کارەساتەکانی سرووشتی پیویست نیە لە ڕێگای پا دەرمیانی پەیوەندیەکانی مەوجودی کۆمەڵایەتی پێش بچێت . زانیاریەکان بە نیسبەت ئەوەی کە ڕووی داوە لە خەڵك دەشاردرێتەوە . بە خەڵك ئەڵێن : " هێمنی بپارێزن " " گوێ ڕایەڵی بەرپرسان بن " . ئەمە خراپترین ڕێگایە بۆ چارەسەری ئەم بابەتانە . خەڵك پیویستیی بە تێگەیشتن و ڕێکخستنە بۆ موقابلە لە گەڵ ئەم جۆرە کارەساتانە . و مێژوو نیشانی داوە کە کاتێك پەیوەندیەکانی ئاسایی کۆمەلایەتی لە کارەساتەکانی سرووشتی لەم جۆرەدا تێك دەچێ خەڵك زۆربەی جار بۆ موقابلە لە گەڵ بارودۆخدا لە ڕێگای ڕێکخستنی خۆیدا هەڵویست نیشان دەدات و بەرپرسان هەمیشە لە گەڵ زەبر و زور و ئیجباری سەرکوتگەرانە هەڵویست نیشان دەدەن . لە هەمان سەرەتای کارەساتەکەوە دەوڵەتی سەرمایەداری - ئیمپریالیستی ژاپون خەڵکی ژاپونی بە تایبەت چینی کرێکار و هەژاری ئەم وڵاتەی وەك ژمارەیەکی خەڵکی " بێ ئیرادە " و " بێ فیکر " و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی سەرەوە هانداوە . تاکو نەکات خەڵکی ژاپون و بە تایبەت چینی کرێکاری ژاپون خۆی بۆ هاوکاری لە گەڵ یەکتر و موقابلە لە گەڵ ئاوا ڕووداوانەی ئەویش لە خوارەوە ڕێك بخەن . حکومەتی چینەکانی سەرمایەداری - امپریالیستی ژاپون لە هەمان سەرەتای ڕووداوە دڵتەزینەکە لە ڕێکخستنی خەڵك ، زانایانی ئەتومی و کارناسانی تر بۆ موقابلە لە گەڵ ئەم قەیرانە بەرگری کرد . لە باتیدا لەو ناوچانەی کارەساتی لێکەوتبوو زۆربەی خەڵك بە حالی خۆیان وێڵ کرابوون و بە شێوەیەکی پاسیف و سەرلێشێواو هاندەدران بۆ یارمەتی لە سەرەوە ( دەوڵەتی چینەکانی سەرمایەداری ) و فەرمانەکانی ئەوان . بۆ مرۆڤایەتی تەنها ڕێگای دەرباز بوون لە بێ عەدالەتیەکانی سیستەمی سەرمایەداری ئیمپریالیستی جیهانی کە بۆ پێش بردنی قازانج و بەرژەوەندیەکانی بە سەرێدا دایدەسەپێنێ ، شۆڕشی کۆمۆنیستی بە ڕێبەری حیزبی پێشرەوی چینی کرێکارە . شۆڕشێك کە چینەکانی سەرمایەدار و ماشینی دەوڵەتی ئەو تێك بشکێنێ . و دەوڵەتێکی نوێ لە سەر ئەساسی قازانج و بەرژەوەندی زۆرینەی خەڵك و دیموکراسی نوێ لە سەر ئەساسی قازانج و بەرژەوەندی ئەم زۆرینەیە دامەزرێنێ . دەوڵەتێك کە لە سەر ئەساسی قازانجی زۆرینەی توێژ و چینەکانی خەڵك بە تایبەت چینی کرێکار و داهێنان و بەشداری شوورایی ئەوان لەو بڕیارانەی کە پەیوەندیی هەیە بە قازانجەکانی ح- ەیاتی ئەوان ، کار بکات . بە ڕووخانی دەوڵەتەکانی چینەکانی سەرمایەدار ، و دامەزراندنی کۆمەڵگای سوسیالیستی شۆڕشگێرە کە مرۆڤەکان دەتوانن لە بەرانبەر ڕووداوە سرووشتیەکان وەك بومەلەرزە و سونامی و .... بە شێوەیەکی داهێنەرانە و نە بە شێوەیەکی پاسیف و سەرلێشێواوانە و بێ کردەوە ، داهاتووی خۆیان دیاری بکەن .

# بەرز و بەرێز بێت یادی یەکەمی مانگی مەی ، ڕۆژی جیهانی کرێکار!



لەم ڕۆژە مێژووئیەدا سەرەرای ئەوەی کە کرێکاران سەرانسەری جیهان بۆ تەرحی داخوازیەکانیان دەس لە کار دەکیشن ، کۆمۆنیستەکان ، ئەحزابی کرێکاری ، یەکێتیەکانی کرێکاری و هەموو لایەنگرانی چینی کرێکار دێنە سەر شەقامەکان و ڕێپیوان و خۆپیشاندان ساز دەکەن . ئەم ڕۆژە ڕۆژی دەربرینی نارەزائیە و لەم ڕۆژەدا یەکخستنی ریزەکانی کرێکاران و هێزی پێشرەوی چینی کرێکار لە شوینی کار و سەر شەقامەکان هێز و توانای خۆی بۆ گۆرینی بارودۆخی داسەپاو بە نەمایش دادەنێت . لە ئێران سەرەرای ڕۆڵی بەرچاوی چینی کرێکار لە رووخانی رژیمی پاشایەتی بەڵام کۆماری ئیسلامی بە سەرکوتی وەحشیانە توانی هەموو دەسکەوتەکانی دەورانی راپەرین لە کرێکاران و سەرجەم خەڵکی زەحمەتکێش بستێنیتەوە . لە مەودای زۆرتر لە یەک سەدەی ڕابردوو , چینی کرێکار لە ئاستی جیهانی , سەرکەوتنەکانی مەزنی بە دەست هێناوە . گرێنگترین داخوازیەکانی خۆی لە زۆربەی بوارەکان , وەدی هێناوە . بە سەرکەوتنی شۆرشی مەزنی سوسیالیستی ئوکتوبەر , جیهانی سەرمایەداری تووشی دوو بەرەکی کرد و سیستەمێکی نوێی دامەزراند و پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە زۆر وڵاتی دیکە دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت ,ئەگەر چی لە ئاکامی قەیران لەو سوسیالیزمە کە لە تێگەیشتنی ناتەواو لە بنیات نانی سوسیالیزم و ئامرازی پاراستنی ئەو واتە دیکتاتۆری پرولەتاریا رووی دا , چینی کرێکار دەسەڵاتی لە دەست دا و پرۆسەی گەرانەوەی کۆمەڵگا بەرەو سەرمایەداری دەستی پێ کرد . بەڵام نەریتەکانی سوسیالیستی چینی کرێکار و دەسکەتەکانی ئەو , جێگای مێژوویی خۆی لە پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پاراستووە . شکستی تێگەیشتنی بوروکراتیک لە سوسیالیزم سەرەرای هەموو ئاکامەکانی تاڵی ئەو , بە ئەزموونەکانی خۆی , ئەزموونی بزووتنەوەی چینایەتی کرێکارانی جیهانی دەوڵەمەندتر کردووە و ئێرادەی چینی کرێکار لە نوژەن کردن , پەرەپێدان و سەقامگیری سوسیالیزم لە داهاتوو , وەک ئارمانی بەرزی مرۆڤایەتی , پتەوتر کردووە . چۆنکە کرێکاران بە ئەزموون , سەڵماندوون کە شکستی خۆیان بە ئەزموون وەرگرتن لە شکستەکان دەکەنە چەکێک بۆ سەرکەوتنەکانی مەزنی خۆیان . ئەمە ئەزموونی گەورەی یەکەمی مانگی مەی خوێناوی کرێکارانی شیکاگۆ بوو , کە دەنگدانەوەی ئەو ئێستا هەموو ساڵێک لە سەرانسەری جیهان لە هێزی یەکگرتووی کرێکاران , هەرچی بەرزتر بە گوێ دەگات . لە ئێران کە رێژیمێکی دیکتاتۆری _ مەزهەبی بە ناوی کۆماری ئیسلامی دەسەڵات بە دەستیەتی . ناهێڵن کرێکاران بە شێوەێکی ئازادانە کۆ ببنەوە . رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا لە ڕێگای ئورگانەکانی دژی کرێکاری خۆی رێ و رەسمەکانە فەرمایشی بەرێوە دەبات تاکو بەرگرێ بکات لە هەرچەشنە رێ و رەسمێکی سەر بە خۆی کرێکاران. ماوەێکی زۆرە کە چینی کرێکاری ئێران ناتوانێ ڕۆڵی کاریگەری خۆی لە ڕەوتی ڕووداوەکانی سیاسی _ کۆمەڵایەتی ئێران ببینێ . تێکۆشانی بێ وچانی کرێکاران چ لە رێژیمی شا و چ لە دەورانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی , هەموو کات بە زیندان , ئەشکنجە و ئیعدام وەلام دراوەتەوە .رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش وەک هەموو حکومەتەکانی سەرمایەداری , بە شێوەێکی بەردەوام پروپاگەندی بەربڵاو بەرێ دەخات , تاکو بە خەڵک بە تایبەت کرێکاران و لاوان بسەلمێنێ , سوسیالیزم و کۆمۆنیزم لە ناو چووە . سەرەرای هەرا و هوریای رێژیم دژی کۆمۆنیزم , ئیمانی چینی کرێکاری ئێران بە نیسبەت سوسیالیزم سست نەبووە بەڵکو پێویستی مێژوویی گۆرانکارێکی شۆرشگێرانە لە کۆمەڵگا و دیفاعی سەرسەختانەی ئەوان لە دیموکراسی و سوسیالیزم زۆرتر بووە . پاش هەڵوەشانەوەی بلۆکی ڕۆژهەڵات , شایی و هەڵپەرکێکی بێ سنوور لە لایەن جیهانی سەرمایەداری بیندرا .سەرەرای ئەمەی کە ئێستا زۆرتر لە دوو دەیەیە کە جیهانی سەرمایەداری دەسەڵاتی خۆی بە سەر دونیا دا بڵاو کردوتەوە , بەڵام هێشتا نەک هیچ چەشنە گۆرانکارێکی بنەرەتی بە قازانجی هیچ کام لە توێژەکانی کۆمەڵایەتی جیهان رووی نەداوە . بە پێچەوانە , هەژاری , شەر و نائەمنی پەرەی ساندووە . بۆیە هێشتا هەل و مەرجی گونجاو هەیە تاکو بیر و بۆچوونەکانی سوسیالیستی لە نێوان چینی کرێکار و هەموو زەحمەتکێشان تەبلیغ و بڵاو بکرێتەوە. ئێستا چینی کرێکاری ئێران لە بارودۆخێکی زۆر خراپ لە بواری ئابووری _ کۆمەڵایەتیە . لە چوار چێوەی پروپاگەندەکانی دژی کرێکاری کۆماری ئیسلامی ئێران , ئورگانەکانی وەک وزارەتی کار , ماڵی کرێکار ( خانە کارگر ) و ئورگانەکانیتر وەک ئەمان لە مافەکانی کرێکاران قسەی پڕ و پووچەڵ دەکەن . لە حاڵێکدا ئەم ئورگانانە هیچ پەیوەندێکیان بە کرێکارانی ئێران نەبووە و نیە , ئەوان تەنیا ئامرازی قازانجەکانی چینایەتی سەرمایەداران و سیستەمی مەزهەبی داسەپاون . بە هۆی هەل و مەرجی دیکتاتۆری و سەرکوتی ساڵەکانی ڕابردوو , هەر چەشنە پەیوەندێک نێوان چینی کرێکار لە گەڵ توێژەکانی کۆمەڵایەتی وەک زەحمەتکێشان , ماموستایان , فەرمانبەران و هتد ... لە ئاستێکی نزمە . بەم حاڵەدا رێژیم نەیتوانیوە ئەم پەیوەندیە هەر چەند لاوازیش بێت بپچرێ . هەر چەند بوونی ئەنجوومەنەکانی ئیسلامی لە کارخانەکان و سیستەمی پۆلیسی , جیایی و بڵاوە بوون لە نێوان کرێکارانی پێک هێناوە , و سەرەرای هەموو زەخت و چاوەدێریەکانی پۆلیسی , لە مەودای ساڵەکانی ڕابردوو مانگرتنەکان و خۆپیشاندانەکانی کرێکاری یەک بە دوای یەک

رووی داوه . له هەل و مەرجی ئێستادا چاره سەری گرفتەکانی چینی کرێکار وەک توێژەکانی‌تری ئێران له گیرۆی رووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێرانه . ئێستا پاش پتر له سێ دەیه رەنجی هەژاری و برسیەتی , شەڕ و ماڵ وێرانی , ئەشکنجه و ئیعدامی دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی , چینی کرێکاری ئێران به پێشوازی رۆژی یەکەمی مانگی مەی دەچێ , بەم هیوایه که بتوانێ یەکیەتی و یەک دەستی خۆی پتەوتر بکات . ریزەکانی خۆی رێک بخات و به سەر وێرانەکانی کۆماری ئیسلامی , سیستەمێک بێ چەوساندنەوه و ئازاد و دیموکراتیک دامەزرێنێ .

کرێکارن و زەحمەتکێشان !

بزووتنەوەی کرێکاری له سەر زەمینەی قەیرانی ئابووری بۆ دیفاع له مافەکانی سەرەتایی خۆی هەروا بەردەوامه . هەڵسەنگاندنی خەباتی ساڵی ڕابردووی کرێکاران له سەر ئەساسی هەواڵەکانی رەسمی و نیوه رەسمیه که نیشان دەدات خەباتی کرێکاران له ساڵی ڕابردوو نه تەنیا تووشی دابەزین نەبووه بەڵکو بەردەوام بوونی قەیران و هێرش بۆ سەر ئاستی بژیوی کرێکاران بووەته بکرێت , بەڵام له پشتەوەی ئەم چاوەروانیه و گۆمانەدا وەزعی چینی کرێکار و کۆمەڵانی مەزنی حقوق بگیر و بێکاری کۆمەڵگا ڕۆژ له دوای ڕۆژ خراپتر بووه . و چیتر گۆمانەکانی سەردەمی سەر کار هاتنی باڵی دووی جۆزەردان کاریگەریی ئەوتۆی له سەر پرۆسەی بەرەو پێشی خەباتی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش نیه و رەنگدانەوەی ئەم راستیه له تەحریمی هەڵبژاردنەکانی دەورەی هەفتەمی مەجلیسی دواکەوتوویی به باشی بینیمان . ئەو شتەی که وەزعی ژیانی کۆمەلانی بێبەشی کۆمەڵگا دەگۆرێ , قەیرانی قووڵی ئابووریه که له ساڵی ڕابردوو توندتر بووه و پەرەی گرتووه . دابەزینی داهاتی فرۆشتنی نەوت که دابین کەرەوەی بەشێکی گەوره له بودجەی ولاته و دانی متمانەی ئاوەدانکردنەوه و یارمەتیەکان به کارخانەکان و دامەزراوەکانی بەرهەم هێنانه بووەته هۆی ئەوەی که زۆربەی کارخانەکان دابخرێن و له دانی حەق دەسی کرێکاران و کارمەندانی خۆیان عاجیز بن و کرێکاران له سەر کار دەر بکەن . داسەپاندنی مەرجەکانی بانک و دامەزراوه نێونەتەوەئیەکانی دراو , کۆمپانیاکانی سەرمایەدانانی نێونەتەوەیی و نەبێت . و راستی ئەمەیه که جووڵانەوەی کرێکاری هێشتا له سنووری جووڵانەوەی بەرگری کردن له مافه سەرەتائیەکان تێپەر نەبووە .

کرێکارانی خەباتگێر !

پاش هەڵبژاردنەکانی دەورەی دەیەمی سەرۆک کۆماری و کوشتاری نارازیان ، جەریانی بنیادگەرای خامنەیی – ئەحمەدی نەژاد سەرخۆش له لەناوبردنی رەقیبی ریفۆرمخواز هەموو رۆژێک به قازانجی باڵی خۆیان و به دژی کۆمەڵانی ستەم لێکراو یاسا و بریار دەردەکەن . هێزی سەرکوتگەر ئاشکراتر له هەر کاتێکی تر له شەقامەکان بۆ سەرکوتی خەڵکی حازر و ئامادەیه و له کارخانه و شوێنی کاری کرێکاران و زەحمەتکێشان دەسدرێژی بۆ سەر مافەکانی سینفی ئەم سینفانه روو له زیادبوونه . و رێبەرانی سەندیکاکان زیندانی دەکرن و هەروەها خەباتگێران له سێداره دەدرێن . بەڵام دەنگی نارەزایەتی رۆژ له دوای رۆژ له لایەن چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگا وەک کرێکاران ، ژنان ، خوێندکاران و زەحمەتکێشان بەرزتر دەبێتەوه . ئێستاکه رژیمی کۆماری ئیسلامی له وەزعێکی زۆر ئالۆزدایه و به پێچەوانەی ئەو



## به تێگەیشتنی چینایەتی ، به هێزی خەباتی سیاسی و

## به کار هێنانی ئیرادەی قەهری ریز له یەکەمی مانگی مەی ، رۆژی جیهانی کریکاران بگرین !

هۆی ئەوەی که بەشێکی گەوره لەوان به مانگرتن و جووڵانەوەی نارەزایی پەیوەست بن .له مەودای ساڵی ڕابردوودا مانگرتن , خۆپیشاندان , ناردنی نامه , کۆبوونەوەی نارەزایی له بەر دەرگای ئیداره دەوڵەتیەکان , بەستنی شەقامەکان , ئاگر تێبەردانی لاستیک و هتد که شێوازەکانی جۆراوجۆری خەباتی کرێکاران بووه هەروا بەردەوام بووه که بەشێکی هەره گرێنگ له کرێکاران لەم حەرەکەته نارەزایەتیانه بەشداریان کردووه . بەڵام داخوازی و ویستەکانی کرێکاران که به بارودۆخی ئابووری , کۆمەڵایەتی , سیاسی و ئاستی تێگەیشتن و پێکهاتنی کرێکاران پەیوەندێکی ڕاستەوخۆی هەیه , له ئاستی داخوازیەکانی سینفی و بەرگری کردن له مافه سەرەتائیەکانیان تێپەر نەبووه . هۆی ئەویش دەبێ له گیروگرفت و مەسەڵەکانی خوارەوه بدۆزینەوه .پەیوەندی کۆماری ئیسلامی له گەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا و کۆمپانیاکانی نێونەتەوەیی و دامەزراوەکانی دراوی جیهانی و توند بوونی ناکۆکی له نێوان باڵەکانی دەسەڵاتدار که بووه هۆی ئەوەی جموجۆڵێک له کەش و هەوای سیاسی وڵات پێک بێت و چاوەروانی باش بوونی رێژەیی بارودۆخی سیاسی و ئابووری سەرمایەدارانی خسوسی ناوخۆیی هەلومەرجێک پێک هێناوه که بووەته هۆی خراپتر بوونی وەزعی ژیان و ئاستی بژیوی کرێکاران و کۆمەلانی زەحمەتکێشی کۆمەڵگا . سەرەرای بەرز بوونی قەیران و گرانی له ڕاده بەدەری کەلوپەلی سەرەتایی ژیان , ئاستی حەق دەسەکانی ڕاستەقینەی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشی کۆمەڵگا گەیشتووته نزمترین ئاستی خۆی . دەر کردنەکانی به کۆمەڵ به هۆی کەم بوونی دراوی بیانی ( ارز ) و مەوادی سەرەتایی و خۆش کردنی ریگا بۆ ڕاکێشانی سەرمایەدانەرانی خسوسی , به یەکجاری پەرەی گرتووه . ملیونەها مرۆڤی بێکار و ئەوانەی به دوای کارن قووڵایی کارەساتەکه نیشان دەدات . هەروەها نەبوونی پێکهات و دامەزراوەی سەربەخۆی کرێکاری و خەڵکی و ئاستی نزمی تێگەیشتنی چینایەتی و کەش و هەوای شک و گۆمان هەموو و هەمووی بووەته هۆی ئەوەی که کرێکاران سەرەرای بەردەوام بوون له سەر خەباتی خۆیان له شێوازەکانی جۆراوجۆردا تاکو ئێستا نەتوانن داخوازیەکانیان وەدی بهێنن و هەروەها ئاستی داخوازیەکانی ئەوان له داخوازیەکانی دوو ساڵ لەمەوبەر تێپەر کاتەی که هەموو باڵەکان له دەورانی خومەینی له گەڵ یەکتردا بوون ئێستاکه له بەرانبەر یەکتردا راوەستاون و تەنانەت له ناو بردنی فیزیکی یەکتر داوا دەکەن و له مەجلیسی رژیم داوای له سێدارەدانی سەرکردەکانی بزووتنەوەی سەوز ئەکەن . له لایێکی ترەوه دەوڵەت له بەرانبەر مەجلیس راوەستاوه و پەسەندکراوەکانی مەجلیسی رەت دەکاتەوه و له بەرانبەردا مەجلیس متمانه ناکاته دەوڵەت . دەوڵەت له مەجمەی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام شکایەت دەکا و داوای عەزلی هاشمی رەفسنجانی له سەروکایەتی ئەو دەکات و ئەحمەدی نەژاد هەوڵ دەدات تاکو سەروکایەتی مەجلیسی خوبرەگان له دەستی هاشمی رەفسنجانی دەربێنێت . ئەمه له حاڵێکدایه که سوپای پاسدارانیش ئەیەوێ وەزراەتی ئیتلاعات بکیشێته ژێر رەکیفی خۆی و وەزارەتی ئیتلاعاتیش له سوپای پاسداران بۆ لای خامنەیی شکایەتی بردووه . له هەمان حاڵدا میسباح یەزدی هەوڵ دەدا تاکو پاش مردنی خامنەیی دەسەڵاتی سیاسی به دەستەوه بگرێ و لەم ناوەدا خامنەیی ئوتوریتەی خۆی له دەس داوه . له ئاوا هەلومەرجێکی ئالۆزدا بزووتنەوەی خەڵکی دەبی مەسیری

خۆی بە باشی دیاری بکات و لە پیلانگێری ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوانی غافیل نەبێ . هوشیاری هەرچی زۆرتر زامنی سەرکەوتنە و بەس . داواکاریەکان ئێستاکە رادیکاڵن و خواستی رووخانی نیزام شتێک فەراتر لە خواستی ئیمپریالیزم و باڵی ریفۆرم خوازانە .

